

لەفارسییەوە: سەرهەنگ عەبدولرەحمان

خراپترین شت بۆ مرۆڤ،
ئەوەیە تەنیا بڕوانێتە خۆی

# گفتوگۆ لەگەڵ ئالیس مۆنرۆ
# براوەی خەڵاتی نۆبڵی ٢٠١٣

گفتوگۆ لەگەڵ ئالیس مۆنرۆ، نوسەری کتێبی ((خۆشویستنی ژیان))، ئەم گفتوگۆیە نەک بەبۆنەی وەرگرتنی نۆبڵەوە، کە بەرلەوە ئەنجامدراوە، بەڵکو لەو روانگەوەیە، کە پڕە لە خاڵی سەرنجڕاکێش دەربارەی خودی خۆی , خوێندنەوەی خراپ نییە.

کتێبی (( خۆشویستنی ژیان)) ساڵی ڕابردوو نەک تەنیا یەکێک بوو لە پڕفرۆشترین کتێبەکان، بەڵکو بووە مایەی پێداهەڵگوتن و ستایشکردنێکی زۆریش. ئالیس مۆنرۆ، نوسەری ئەمەن هەشتاو یەک ساڵ پێشتر، کە ئەم کۆمەڵە کورتەچیرۆکەی بڵاوکردبووە , ڕاگەیاندبوو بەنیازە واز لە نووسین بهێنێت و بە ژیانێکی ئاساییەوە سەرقاڵ بێت، بەڵام ئەو بیرۆکە و بابەتە نوێیانەی، کە مێشکیان سەرقاڵکردبوو، ڕێگەیان پێنەدا، کە وەکو ژنانی تر، بەشێوەیەکی ئاسایی بژیت، هەربۆیە بەناچاری دەستی دایەوە قەڵەم و کۆمەڵە چیرۆکێکی تری تازەی بەناونیشانی ((خۆشویستنی ژیان)) نوسی. مۆنرۆ ئەم کۆمەڵە چیرۆکەی، کە دەکرا وەکو ژیاننامەی خۆشی ناوببرێت، بەدواهەمین بەرهەمی ئەدەبیی خۆی ناساند. هەر بەو بۆنەیەوە، دبورا تریسمن لە گۆڤاری نیۆیورکدا گفتوگۆیەکی لەگەڵ ئەنجامداوە، ئەوەی کە دەیخوێنینەوە کورتکراوەی ئەو دیدارەیە:

*** کۆمەڵە چیرۆکە تازەکەت ((خۆشویستنی ژیـان)) چیرۆکەی ریوایەتانەی لەخۆگرتووە، بەسەرهاتی ئـەو مرۆڤانەیە کە هەریەکە و بەجۆرێک سـەر لـەو چارەنووسە هەڵدێنن کە بۆیان دیاریکراوە. هەموویان خوازراو بێ، یان نەخوازراو بە ڕێگەیەکی تردا ڕۆیشتوون. ئەم بەسەرهاتانە لە چیرۆکەکانی (( ڕزگاربوونی ماورلی))، ((کـەڕی))، ((شەمەندەفەر))، ((ئاموندسن)) و چەند چیرۆکێکی تردا ڕوودەدات. ئایا ڕەوتی ئەم جۆرە چارەنووسە لە چیرۆکەکانتدا خۆلادانن؟**

ـ لەناو ئـەو چیرۆکانەی کە ناوتبردن، چیرۆکی (( ئاموندسن)) بەسەرهاتی کچێکە، کە گیرۆدەی ژیانە لەگەڵ پیاوێکی زۆر خۆپەرست و لەخۆبایی , بـەڵام لە کۆتاییدا بڕیارێـکی ژیـرانـە دەدات. ئەو هـەوڵـدەدات زیاتر لۆژیکی بێت و ئەو پیاوەی تەنیا لە خەونەکانیدا خۆشبوێت. من ئـەوم بـەو جۆرە بینی و ئەفراندم، بەڵام لە چیرۆکی (دەربازبوونی ماورلی) بەسەرهاتەکە دەربارەی چەند کەسێکە، کە بەدوای خۆشەویستیدا دەگـەڕێـن. ئێمە لە ژیانی ماشێنیی خۆماندا عەشق و خۆشەویستیمان بزرکردووە. یەکێک لەم کەسایەتییانە، ژنێکی کەم ئەندامە کە چارەنووسی ئەو و هاوسەرەکەی ئاشکرایە و هیچ چارەیەکی دیکەی نییە جگە لە قبوڵکردنی ئەم ژیانە. هەڵبەتە ئەمەش بڵێم، هەندێ جار زۆر حـەزدەکـەم کارەکتەرەکانی چیرۆکەکانم لە شوێنێکدا ڕووبەڕووی یەکدی ببنەوە و سەرەنجام بە جۆرێک لە جۆرەکان بچنەوە پاڵ یەک، بەڵام بە شێوەیەکی تایبەت لە چیرۆکی بـەنـدەرگـەدا، کـە چارەنووسیشی لـە چیرۆکەکانی گـەنجێتی خۆم دەچـێ، حـەزم دەکـرد هاوسەرێکی نموونەیی بەرجەستە بکەم، بەڵام لە کۆتاییدا کارەکتەری چیرۆکەکەم لە نموونەیی بوون، ماندوو بوو. تەنیا خودا دەزانێ کە دواتر چی دەبێت. چیرۆکی شـەمـەنـدەفـەر، کەمێک جیاوازە. دەربارەی پیاوێکە کە هەتا بڵێی خۆشحاڵە بەوەی کە هیچ ژنێک لە چـوار دەوری نییە. هەسنیش نـاکـەم بنوانێت یـارمـەتـی خۆشی

بداث. دەبێت لە ژنەکان هەڵبێت، چارەنووسی ئەمەیە. من ئەمجۆرە کەسایەتییانە بەمجۆرە دەبینم و دەست بە نووسینیان دەکەم. ئێستا ئەگەر چارەنوس بە شتێکی هاوبەش دەبینم , رەنگە زۆر نائاسایی نەبێت.

*** هەندێ جار هەستدەکرێت تۆ هەوڵدەدەیت بەمشێوەیە بڵێیت، کە پشتبەستن بەخۆ بۆ ژنان، دەبێتە مایەی شەرمەزارییان. ئەگەر بمانەوێت بگەڕێینەوە بۆ ڕابردووی تۆ، خۆشت وازت لە ژیانی لادێ هێنا، تاوەکو بچیتە زانکۆ. تۆش تاک و تەنیا بوویت و بە پشتبەستن بەخۆت چوویتە پێشەوە. ئەم ئەزموونانە دەبێتە هۆی ئەوەی بتەوێت لە زمانی نوسەرێکەوە ئەمانە بەرجەستە بکەیت؟**

– من لە خێزانێکدا گەورە بووم، کە هەمیشە لەسەر ئەم باوەڕە بوون خراپترین شت بۆ مرۆڤ ئەمەیە، کە تەنیا لە خۆی بڕوانێت، یاخود وا هەست بکات، کە لە کەسانی تر وشیارترە. هەڵبەتە دایکم بەدەرە لەم بنەمایە کە بەداخەوە ئەمەنی زۆر نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ڕێسایە بۆ ئێمەی لادێ نشینان بوو، نەک شارنشینان. هەموو هەوڵی خۆشم داوە تا ژیانێکی شایستەم هەبێت.

حەز دەکەم هەمیشە حەرەمی تایبەتیم پارێزراوبێت. لەناو ئەو کچانەی کە دەیانناسم هیچیان بۆ زانکۆ نەچوون. لەناو کوڕەکانیشدا تەنیا ژمارەیەکی کەمیان رۆیشتن و بەس من سەرکەوتوو بووم، کە بۆ ماوەی دووساڵ لە پرۆسەی خوێندن سودمەندبم، پاشان هاوسەرگیرم کرد تا بتوانم مانگانەی زانکۆ بدەم. ڕاستە کە لەناو خێزانێکی هەژاردا گەورەبووم , بەڵام هەمیشە کتێبم لە

چواردەور بوو. من زۆرم دەخوێندەوە و زۆریش دەمنوسی. ئەوەی کەپشت بەستوبووم بەخۆم، یان هەوڵمداوە پشت بە هاوسەرەکەم ببەستم، بەهیچ شێوەیەک کاریگەریی لەسەر چیرۆکەکانم نەبووە. لەوانەیە نمونەم لە ژیانی کەسی و ئەزمونەکانم هەڵگرتبێتەوە، بەڵام مەبەستم نییە فەرمانێک لەم بارەیەوە دەربکەم.

## ئامانجی من نوسینە و نوسین تەنیا ئەوکاتە دەچێتە ناو ناخمەوە، کە قسەیەکم بۆ وتن هەبێت

ئامانجی من نوسینە و نوسین تەنیا ئەوکاتە دەچێتە ناو ناخمەوە، کە قسەیەکم بۆ وتن هەبێت. ئێستا ئەگەر کەسێ بەمجۆرە لە چیرۆکەکانی من تێدەگات، بیانوی چییە؟ بەڵام ڕاستییەکەی ئەمەیە، کە من سەرسام بوون بەخۆ بە پەڵەی نەنگی دەزانم، نەک پشتبەستن بەخۆ.

***تۆ لەم کۆمەڵە چیرۆکەشدا هەروەکو چیرۆکەکانی ترت، قسەت لەبارەی ئەو کچانەوە کردووە، کە خۆیان کردوەتە قوربانیی ئەو کارانەی کە لەڕاستیدا نایانەوێت. لەوەی کە خۆشت زۆر زوو هاوسەرگیریت کردووە و لە دەیەی بیستەمی ژیانتدا دوو کچت هەیە، دەمەوێ بپرسم چۆن توانیوتە هاوسەنگی لە نێوان ئەرکی دایکایەتی و هاوسەرێتی و ئارەزووی نووسیندا ڕابگریت؟**

– لەڕاستیدا نە کاروباری ماڵ هیلاکم دەکات و نەکچەکەشم. ئەمە نووسینە کە هەندێ جار بەڕاستی ماندووم دەکات. هەندێ جار حەزدەکەم وەکو ژنانی تر بژیم. ژیانێکی ئاساییم هەبێت و ئەم هەموو کەسایەتیە لە سەرمدا کینگڵ دەخۆن. بەدەرلەمانە، هەرچیەکیشم دەنووسی هەستمدەکرد باش نەڕسکاوە. من هەمیشە بەدوای ئەو شتانەدا دەگەڕێم کە نین، یا بە زەحمەت بەدەستدێن. سەرباری ئەوە , ئەوەی کە دژوار بوو، کاری نووسینی من بوو، نەک هاوسەنگی ڕاگرتن لە نێوان ئەم ئەرکانەدا. من بۆ خۆم لە نوسیندا زۆر قیرسچمەم و هەموو شتێک پەسەند ناکەم. کەمن ژمارەی ئەو نوسەرە هاوچەرخانەی کە بەرهەمەکانیان دەخوێنمەوە و بەلامەوە پەسەندن و بە مانای ڕاستەقینە چێژیان لێدەبینم. هەربۆیە، سەختگیری لە هەڵبژاردنی بابەت و جۆری نووسیندا هەندێجار بۆ من ناقەتپرۆکێنە و ژیانم سەختدەکات.

*** هەندێک لە چیرۆکەکانی ((خۆشویستنی ژیان)) ئەو چیرۆکانەن کە تۆ پێشتریش وتبوت بە واتەی ڕاستەقینە چیرۆک نین. هەندێکیان ژیاننامەن. چیرۆکی ((خۆشویستنی ژیان))یش ماوەیەک لەوەمەوپێش لە گۆڤاری نیوریوکەر وەکو یادەوەری باستکردبوو، بەڵام بابەتی سەرنجڕاکێش لە هەموو**

ئەم چیرۆکانەدا ئەمەبوو، کە تۆ لە ژیانی واقیعیتان هەڵتگرتونەتەوە و پەڕوباڵت بۆ کردون و چیرۆکێکی نایابت لێ ئەفراندوون. بەتایبەت سەردەمانی منالێیت کەوا دەردەکەوێت کاریگەرییەکی زۆری لەسەر کارەکەتان بەجێهێشتبێ. لەو یادەوەرییانەی کە لە سەردەمی منالێیتدا تۆمارت کردون، بۆ نوسینی چیرۆکەکانیشت کەڵکت لێوەرگرتوون؟

- من هیچ کاتێک یادەوەریم نەنوسیوەتەوە. عادەتم وایە هەمیشە یادەوەرییە زۆرەکانی سەردەمانی منالّی و قۆناغەکانی تری ژیانم لە مێشکمدا تۆمار بکەم.

*** دایکت لە سەرجەم چیرۆکەکانتدا ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت. تۆ لە دیدارێک لەگەڵ گۆڤاری ((پاریس ریویو)) لە ساڵی ١٩٩٤دا وتبوت، کە دایکت چەقی سەرەکیی گشت چالاکیەکانی ژیانتە. ئایا ئێستاش ئەم وتەیە ڕاستینەی هەیە؟**

- بەڵێ دایکم هێشتا بە کۆڵەکەی سەرەکیی ژیانم لە قەڵەمدەدرێت، چونکە ئەو ژیانێکی زۆر ناخۆش و پڕ لە کوێرەوەریی بەسەربرد و ژنێکی تا بڵێی ئازا بوو. ئەو هەموو هەوڵی خۆی خستەگەڕ، کە من بۆ بەدەستهێنانی بەرزترین پلەی زانستی بەو ڕێگە ناهەموارەدا نەڕۆم، کە خۆی پیایدا ڕۆیشتبوو. گەرچی ئەو تەمەنی زۆر کورت بوو ، بەڵام نکۆڵی لەو کاریگەرییە ناکرێت، کە لەسەر سەراپای ژیانم بەجێی هێشت.

*** کاتێک بینم لە بەشێک لە کتێبەکەت بە ناوی ((یەکەمین و دواهەمین)) ئاماژەت بەوە کردووە، کە ئیتر هیچ شتێک سەبارەت بە ژیانی خێزانیتان ناڵێیت، زۆر سەرم سوڕما، چونکە وادەردەکەوێت زۆرێک لە چیرۆکەکانت یادەوەری منالێیت بن. کۆمەڵێ ڕەگەزی زۆر لە چیرۆکەکانتدا، بەڵگەن لەسەر ئەزموونەکانی سەردەمانی منالّی و قۆناغەکانی تری ژیانت. تەنانەت لەهەندێ جێگەی تردا، بینەری بەشداریکردنی ڕووداوی ژیانی دایک و باوکتان بووم. بۆ نموونە لە کۆمەڵە چیرۆکی ((دیمەنێک لە پشت پەنجەرەی قەڵای ڕاکەوە)) سەرجەم چیرۆکەکان لە ژیانی تایبەتیی خۆتەوە وەرگیراون. وایە؟**

- من هەمیشە لە چیرۆکەکانمدا سوودم لە بەشێک لە بەسەرهاتەکانی ژیانی ڕاستەقینەم وەرگرتووە , بەڵام نەمویستوە ئەم کتێبەی دواییم، بابەتی ژیانی کەسیم ڕۆڵێکی سەرەکی تێدا ببینێت. لەگەڵ ئەوەشدا دیسانەوە تا ڕادەیەک دەست لە گێڕانەوەی ژیانی خێزانیم هەڵناگرم، بەڵام دەربارەی کۆمەڵە چیرۆکی ((دیمەنێک لە پشت پەنجەرەی قەڵای ڕاکەوە)) کە تۆ ئاماژەت پێکرد، پێویستە بڵێم تا ئەو شوێنەی کە لە توانامدا بوو، چڕبوونەوە لەسەر بەسەرهاتە خێزانی و کەسیەکانم کەمکردبۆوە.

*** کاتێ لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدا بوویت دەربارەی ئەم کتێبەت، سەرنجی ئەوەت دابوو لەناو خێزانەکەتاندا نوسەرێک هەبێت. ئایا کاتێک بوویتە نوسەر هەستت دەکرد میراتگری نەوەکانی پێشووی خێزانەکەتانیت؟**

- لەڕاستیدا بەلامەوە جێگەی سەرسوڕمان بوو، کە ئەم هەموو نوسەرە ئامادە لە نەوەکانی پێشووی خێزانەکەماندا هەبێت، بەڵام ڕاستیەکەی ئەمەبوو، کە کەسانی دەوروبەرم جگە لە دایکم، هەمیشە هانیان دەدام تا وەکو ئەوان فێری چنین ببم. بۆ نموونە پورەکانم و نەنکم هەمیشە جەختیان لەسەر ئەمە دەکردەوە، منیش هیچ کاتێک ڕەزامەندیم بۆ ئەم بابەتە نیشان نەدا. ڕۆژێکیان لەوپەڕی سەرسوڕمانی هەموویاندا ڕامگەیاند، کە دەمەوێ ببمە نوسەر و کە سەرەنجامیش بوومە نوسەر.

*** کاتێک لە سەرەتای ڕێبازی نوسەریدا بوویت، ئایا بە شێوەیەکی خود ئاگایانە هەڵگرتنەوە یاخود لاسای بەرهەمەکانی نوسەرێک یاخود نوسەرانت دەکردەوە؟**

- نوسەرێک کە زۆر بەلامەوە پەسەند بوو ((ئەدورا ڤلنی)) بوو، کە ئێستاش بەلامەوە پەسەندە. بەڵام هیچ کاتێک هەوڵ نادەم و هەوڵم نەداوە لاسایی بەرهەمەکانی بکەمەوە بە بۆچوونی خۆشم شاکارەکەی، کە هەمیشە شایستەی خوێندنەوەیە ((سێوە زێڕینەکان))ە.

*** وەکو دوا پرسیار، چۆن بوو دەستت دایە نوسینی کورتە چیرۆک؟**

- ساڵانێکی دوورودرێژ بیرمدەکردەوە کە کورتە چیرۆک نوسین زۆر ئاسانترە لە ڕۆمان نوسین تاوەکو ئەوەی، کە ڕۆمانێکم نوسی و دوای ئەوە تێگەیشتم، نوسینی کورتە چیرۆک کارێکی زۆر دژوارە و منیش دەتوانم دەرەقەتی هەردووکیان بێم. هەڵبەتە پەیوەندییەکی زۆری بەو بابەتانەوەیە، کە هەڵیاندەبژێرم. بە بۆچوونی خۆم دەتوانم قسەکانم لە چیرۆکێکی کورتدا تەواو بکەم.

سەرچاوە:
www.madomeh.com